**سەرکەوێ خەباتی یەکگرتووی نەتەوەی کورد، لەپێناوی ئازادی و دیمۆکراسی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دا!**

## هاووڵاتیانی هێژا و وڵاتپارێز!

## هاوبیرانی نەتەوەیی لە باشووری کوردستان!

**سلاوی ئازادی و سەربەخۆییتان ئاراستە دەکەم.**

هەروەک ئاگادارن، رۆژهەلاتی ناڤین بەقۆناخێکی گەلێک هەستیار و چارەنووسسازدا تێدەپەڕێت. هۆشیاریی گەلانی ناوچەکە بۆ لەنێوبردنی دەسەلاتی دیکتاتۆری و هێنانەدی سیستەمی سیاسی و کۆمەڵگەی ئازاد و دیمۆکرات دەستیپێکردووە و، چەندین رژێمی چەوسێنەر و دژ بەئازادیی رووخاون و، چاوەڕێی رووخانی پاشماوەی رژێمەکانی دیکتاتۆری دیکە دەکرێت کە بەشێکیان لەریزی داگیرکەرانی کوردستانن.

نەتەوەی کورد دەیانسال بەر لەم گەلانە بۆ گەیشتن بە مافەکانی سیاسی و نەتەوەیی خۆی راپەڕیوە و، سەتانهەزار قوربانیی داوەبۆی، بەڵام نەک هەر بەمافەڕەواکانی خۆی نەگەیشتووە، بەڵکو پاش ئەم قوربانیدان و، ماڵوێرانی وکارەساتە یەک لەدواییەکانە هێشتا هیچ ئاسۆیەکی روونی لی دیار نییە.

هۆکاری سەرنەکەوتنی بزووتنەوەکانی کورد، لەلایەک بۆ دڕندەیی داگیرکەرانی کوردستان دەگەڕێتەوە کە بەهەموو جۆرەچەکێکی کوشندە و تۆقێنەر و کۆمەڵکوژ وەرامی داخوازییەکانی کوردیان داوەتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی چەوت و هەڵەی سەرکردەیەتیی حیزبەکان  کە لەپێناو پارێزگاریی لەبەرژەوەندیی خۆیان، پشتیان لە ئامانجەڕەوا و مێژووییەکانی گەلەکەیان کردووە و، بۆخۆیان  بوونەتە کۆسپ لەسەرڕێگەی خەباتی رزگاریخوازیی گەلەکەمان.

بارودۆخی ئیستای ناوچەکە، هەلێکی لەباری مێژوویی بەرەوڕووی گەلی کورد کردووەتەوە کە بتوانێت بەهۆشیاری و زاناییەوە سوودی لێوەربگرێ و، بیخاتە خزمەتی ئامانج و بەرژەوەندیی نەتەوەییەوە.

لێرەدا، دەستخۆشی و پیرۆزبایی خۆم و ژمارەیەکی زۆر لە هاوبیرانی نەتەوەیی لەولاتانی سکاندیناڤیا و لەرۆژهەڵاتی کوردستان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز لە **پارکی ئازادی لەسلێمانی** دەکەم و، پشتگیریی تەواوی خۆمان بۆ ئەم هەنگاوە بوێرانە و، بۆ بیری پیرۆزتان دەردەبڕین.

**سەرکەوێت خەباتی یەکگرتووی نەتەوەی کورد لەپێناوی ئازادی و دیمۆکراسی و دامەزراندنی دەولەتی سەربەخۆی کوردستاندا!**

**بژی کورد، بژی سەربەخۆیی، بژی کوردستان!**


**براتان: سیروان کاوسی**

**نووسەر و رۆژنامەنووس لەولاتی نۆروێژ**


3/9/2011